# چیرۆكی بنه ماڵەی جاف

نووسینی: وەفیق ئەلسامەڕائی[1]
گۆڕینی بۆ كوردی و پەراوێزدانان: سەردار حەسەن.

دوای ڕووخاندنی عەبدوڕەحمان موحەمەد عارف، شای ئێران، یەكلایەنە ڕێكەوتننامەی ساڵی 1937ی عێراق– ئێرانی، هەڵوەشاندەوە و یەكلایەنەش سنووری نێوان هەردوو وڵاتی لە هێڵی سنووری ڕۆخانەی ڕۆژهەڵاتی شەتولعەرەب(شط العرب)ەوە گواستەوە بۆ هێڵی سالوك(ثالوك). ئەم هێڵە قووڵترین شوێنی شەتولعەرەبە. لەبەر ئەوەی كە عێراق ئەم دەستدرێژی و هەڵسوكەوتە نایاساییەی ئێرانی ڕەتكردەوە، نێوان هەردوولا تێكچوو. لەم كاتەشدا شای ئێران كۆمەكەكانی بۆ كوردەكانی باكووری عێراق زیاتر كرد.

دوای ماوەیەكی كورت بە سەر ئەم ڕووداوەدا، كۆمەڵێكی بچووك لە بەگزادە جافەكانی عێراق، ڕایان كرد بۆ ئێران – بۆ زانیاری بەشێك لە هۆزی جاف لە ئێران هەیە– لە ناو ئەم دەستەیەدا كە بە بێ هۆ هەڵهاتن بۆ ئێران، جگە لە ئەگەری بوونی پەیوەندییەكی نهێنی نێوانیان بە ساواكەوە، سەردار جاف و خۆسرەو موحەمەد سەعید جاف[2] و چەند كەسێكی تریان تیادا بوون. بە گەیشتنیان بۆ ئێران پێشوازییەكی گەرموگوڕیان لێ كرا و دەزگای زانیاری ئێرانی بۆ بەڕێوەبردنی كاروباریان چوو بە پیریانەوە. زۆریشی نەبرد، سەردار جاف، زیاترلە دەرباری شا نزیك كەوتەوە و دەستیشی كرد بە گەڕان بە هەندێك ناوچەی هەستیاردا. ئەم خانەوادە هەڵهاتووەی جاف، پاش ماوەیەك گەیشتنە پلەوپایەی ڕاوێژپێكردن لە دەرباردا و تا دەهات پەیوەندیان بە هێزو بە هێزتر دەبوو لە گەڵ ساواكدا و بەشداری كردنیان لە ئەنجامدانی كاری تێكدەرانەو ئاژاوەنانەوە لە ناو عێراقدا. شوێن و پێگەی ئەم خانەوادەیە بە ئاشكرا پەیوست بوو بە ئیستخباراتی ئێرانی و ڕژێمەكەیەوە. لە ئەنجامی ناكۆكی خەڵك و ڕژێمی شادا باری ئاسایشی ئێران تێكچوو. ئەمانە لەم هەلومەرجە نوێیەدا، هیچ چارێكیان نەبوو جگە لە داكۆكیكردن لە ڕژێم و دژایەتیكردنی خەڵك نەبێ.

لە گەڵ كەوتنی ڕژێمی شادا لە فێبریوەری 1979دا، سالار جاف برای سردار جاف، كە دەركەوتووترین كەسی ئەم خانەوادەیە بوو، گیرا و لە تاران لە سێ دارە درا. ئەوانی تریشیان گەڕانەوە بۆ عێراق.

لە ئەنجامی چاوە ڕوانكردنێكی حەتمیەوە، كە دەكرا لە داهاتوودا پەیوەندی نێوان عێراق و ئێران تێكبچێت، بۆیە لە سەر پێشنیازێكی موخابەرات، سەددام حوسەین، ڕازی بوو لە سەر ئەوەی ڕووبدرێتە ئەم خانەوادەیە. چەند مانگێك تێنەپەڕی بە سەر هاتنەوەكەیاندا، سامانێكی هێندە

---

[1] اللواء الركن وفيق السامرائي، مدير الاستخبارات العسكرية العامة، طريق الجحيم، حقائق عن الزمن السئ في العراق، ص 114-120، ئەم كتێبە ساڵ و شوێنی لەچاپدانی لە سەر نییە. نووسەری ئەم كتێبە وەك ئەفسەرێك لە سەرەتای 1970كاندا لە كایەی ئیستیخباراتی عەسكەری عیراقیدا دەستی بە كار كردووە تا پلە بە پلە وەك بەعسییەكی دڵسۆزهەڵكشاوە و گەیشتووەتە سەرۆكایەتی ئیستیخباراتی عیراق. لە هەموو تاوەنەكانی ئەنفال و هەڵەبجە و جەنگەكانی ڕێژیمی بەعسدا بەشداری كردووە. ساڵی 1994 ڕێژیمی سەددام حوسەینی جێهێشتووە و گەیشتووەتە هەندەران و پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس گەڕاوەتەوە عیراق و ئێستاش لە بەغدا ڕاوێژكاری جەلال تاڵەبانی، سەرۆكی عیراقە.

[2] خوسرەو جاف ئێستا لە هەولێر دیزاینكەر و سەرپەرشتیكەری دوو مۆنۆمێنتی ئەنفالە كە لە كەسنەزان و ناوچەی بارزان دانراون.

زۆریان ڕژاند بە سەریاندا، وایان لێهات بوونە دەوڵەمەندترین خێزانی عێراقی. کۆمپانیایەکی ئەندازیاری و کۆمپانیایەکی بازرگانی بە ناوی (کۆمپانیای قادسییە)یان بۆ دانان، وەک ڕووکەشێک لە لایەن موخابراتەوە بۆ کاروباری ناوەوە و دەرەوە. بە سەدان کەس لە ئێلی جاف چەکدار کران و پارەیەکی زۆر و بێشمار تەرخان کرا بۆ ئەم چەکدارانە و مانگانەی باشێشیان بۆ بڕایەوە، بەو ئامانجە کە لە داهاتوودا هەستن بە کاری تێکدەرانە لە ناو ئێراندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەورێکی ئەوتۆیان نەگێڕا. سەردار جاف، بوو بە یەکێک لە دەرکوتووەکانی پەیوەست بە دەزگای ئیستخباراتەوە، هەروەها خوسرەوی ئاموزاشی پەیوەندی هەبوو بە ئیستخباراتەوە، بەڵام بە بەراورد کردن لە گەڵ سەرداردا لە ئاستێکی وادا نە بوو، هەتا بەهاری 1986، کە خوسرەوداوای سەردانی ئەڵمانیای کرد، بۆ بینینی عەلی قازی، کە کوڕی قازی موحەمەد، دامەرزێنەری کۆماری مەهابادە و ژنبرای سەردار جافە. ئەم (عەلی قازی)یە دوای لە سێدارەدانی باوکی ڕای کردبووە ئەڵمانیا و بووبووە هاووڵاتێکی ئەڵمانی و لە نزیک شاری بۆن خانوویەکی باشی هەبوو[3]. ئیستیخبارات داواکەی خوسرەوی پەسەند کرد و ڕازی بوو لە سەر سەفەرەکەی. پاش 20 ڕۆژ بە سەر سەفەرەکەیدا لە ئەڵمانیا گەڕایەوە و لەگەڵ لە خۆیدا هەواڵێکی هێنابووەوە، کە گوایە فڕۆکەوانێکی ئێرانی بە ناوی عەلی ئەکبەر موحەممەدی (علي اكبر محمدي) کە فڕۆکەوانی فڕوکەیەکی گواستنەوەیە لە جۆری Falcon–20 ی فەرەنسی، لە نێو پۆلێک فڕۆکەی سەر بە هێزی ئاسمانی ئێرانیدا، ناسراو بوو بەوەی، کە فڕۆکەوانی تایبەتی سەرۆکی ئەنجومەنی شوورای پەرلەمانی ئەو کاتەی ئێران، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانییە. ئەم فڕۆکەوانە پەیوەندی کردبوو بە برادەرێکی گۆرانیبێژییەوە (....)، کە لە دوای ڕووخانی شا لە ئێران هەڵهاتبوو و لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووبوو، تا پەیوەندی بکات بەوانەی دەەتوانن ڕێوشوێنی بۆ دانێن، کە چۆنچۆنی ڕاکات بۆ عێراق، چونکە ئەم گۆرانیبێژە ئاگاداری ئەو پەیوەندییەی (عەلی قازی)یە بە دەزگای ئیستخباراتی عێراقییەوە بوو و بە چاکی زانی وەک پرۆژەیەک بۆ وەدەستهێنانی چەردەیەک سامان پەیوەندی پێوە بکات. هەر بۆیە پێکەوە هەردووکیان چاویان بە پاشکۆی سەربازی(الملحق العسكري) عێراقی کەوت لە ئاڵمانیا، کە ئەوکاتە عەقید ڕوکن بەسسام عەبدولکەریم بوو، کە ئەمیش لە دواییدا بە چەند ساڵێک زیندانی حوکم درا.

هاوکات بەوەی کە خوسرەو جاف ڕاپۆرتێکی ئامادە کردبوو دەربارەی کارەکەی، ڕاپۆرتێکی دیکەشم لە پاشکۆی سەربازیمان بە دەست گەیشت، دەر بارەی چاوپێکەوتنەکەی لە گەڵ عەلی قازی و گۆرانیبێژەکەدا. ڕۆژی دواتر چەند ئەفسەرێکی پسپۆری ئەو بوارە، کۆبۆنەوە تا لە هەردوو ڕاپۆرتەکە بکۆڵنەوە و پاشانیش بۆچوونەکانیان دەربڕن. سووربوونمان لە سەر پەیڕەوکردنی ئەم شێوازەی کارکردنمان ( لەحاڵەتی شێنەییدا) بۆ بەهێزکردنی توانا و ئەزموون و مەشقکردنی ئەفسەرەکان بوو. ئەو کۆمیتەیە ڕاسپاردەیان وابوو، کە خوسرەو جاف وەلاوەبخرێت و هیچ ڕۆڵێکی پێنەدرێ لەم کارەدا، چونکە ڕاپۆرتەکانی چاودێریکەرانی تەلەفۆنەکانی ئەوەیان نووسیبوو،کە ئەم پیاوە هەموو شتێکی خۆی بە ژنەکەی دەڵێ و هیچی لێ ناشارێتەوە، ژنەکەشی

---

[3] لە ڕاستیدا عەلی قازی دوای لە سێدارەدانی قازی موحەممەدی باوکی و ڕووخانی کۆماری مەهاباد لە لایەن ساواک و حوکوومەتی شاوە برایە تاران و لەوێ چاودێری دەکرا و تا گەورە بوو و دواتر بە گەورەیی هاتووەتە ئەڵمانیا و ئێستاش حیزبێکی بە نێوی پارتی ئازادی کوردستان داناوە.
[4] پێموایە نووسەر لەو ساڵەدا هەڵەی کردووە و دەبی هەر ساڵی 1986 بێت.

له لای خۆیەوە بێ سێودووکردن هەرچییەکی له مێردەکەی ببیستایە دەچوو لەملا و لەولا دەیگێڕایەوە. زۆرجار له ڕێگەی ئەم کەناڵەوە به شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و درۆودەلەسەمان به ڕێ دەکرد و زۆری نەدەبرد دەبووە قسەوباسی خەڵک و دەمانگەیاندە ئەو دامودەسگا زانیارییانەی، که خۆمان مەبەستمان بوون، تەنانەت لەوانه تیایاندا هەبوو سەر به عێراق بوون. بۆ دابڕینی پەیوەندی نێوان عەلی قازی و خوسرەو جاف یا هەردووکیان و لایەنی تر (بۆ نمونه: موخابەرات– که تا ئەو دەمه نەیانتوانیبوو به سەرکەوتویی تاکه کارێکی لەم بابەته ئەنجام بدەن)، هاتین خوسرەو جافمان ئاگادار کردەوە، که ئەو زانیارییانەی لای ئێمەیه، ئەوه نیشان دەدەن، که ئەو گۆرانیبێژه (.......) پەیوەندی به موخابراتی ئێرانەوە هەیە، بۆیه پیویسته له سەر ئەم کاره نەڕوات و بەتەواوەتی دەستبەرداری ببێت، تا کاتێکی تر، که بەڵکو له تواناماندا بێت بگەینه دەرئەنجامێکی دی، هەر وەها داواشمان له عەلی قازی کرد (که ئەو کاته له سەفارەتی عێراقی له بۆن مانگانه 1000 مارکی وەردەگرت، له بری ئەو زانیارییانەی که له سەر ئێران دەیهێنا)، ڕای خۆیمان له سەر خوسرەو پێ بڵێ و ئەم مەسەلەیەش به هیچ شێوەیەک له گەڵ سەردار جافدا باس نەکات، چونکه سەردار پەیوەندی به موخابەراتەوە هەبوو.

**کردەی فاڵکۆنەکە(عملية الفالكون)**

دروست هەر لەم قۆناغەدا ڕاپۆرتێکمان له موخابەراتەوە به ئیمزای فازیل بەراک پێ گەیشت، باس لەوە دەکات، که عەلی قازی پەیوەندی به موخابەراتی چەند لایەنێکی ترەوە له جیهاندا هەیە. به هەمان شێوە سەردار جافیش هەیەتی، بەتایبەت که ناوی سەردار له کتێبێکدا به ناوی (لانەی سیخوڕی)، که له دوای داگیر کردنی سەفارەتی ئەمەریکا له تاران بڵاوکرایەوە هاتبوو. بەراک بەو کارەی ویستی پەنجەی تۆمەت بۆ بەرزان حەسەن تکریتی درێژکات، له سەر ئەوەی ئەو کاتەی ئەم بەرپرسی موخابەرات بوو، دەسەڵاتێکی فراوانی به سەردار جاف بەخشیبوو.هەروەها له ڕاپۆرتەکەی بەراکدا ئاماژەش بەوە درابوو، که زانیاری له سەر کردەی فالکۆنەکە گەیشتووەته لای ئەویش.
له لایەکی تریشەوە به کورتی سەرۆکایەتی کۆماری له سەر مەسەلەکە ئاگادار کرا بوو و ئەو ئیشارەتەش درا بوو، که دەست بکرێ به جێبەجێکردنی کارەکە.

له گەڵ قرچەی گەرمای تەمموزی 1986دا، ئیستخبارات هەستا به جێبەجێکردنی زنجیرەیەک چالاکی نهێنی. به چەند ڕۆژ بەر له کاتی دیاریکراوی خۆی له سەرەتای مانگی ئابی 1987دا[4]، خانەوادەی فڕۆکەوانەکە عەلی ئەکبەر موحەممەدی، که پێکهاتبوون له هاوسەرەکەی، که کاتی خۆی له هێڵی ئاسمانی ئێران وەک (مضيفه)ی ناو فڕۆکه کارمەند بووە و کچەکەیشی به ناوی (دلاوەر) که تەمەنی 3 ساڵان بوو، هەر وەها گۆرانیبێژەکە و عەلی قازی، که بەوردی تەماشای ناسنامه و پاسپۆرتەکانیان کرا، به سەلامەتی گەیشتنه بەغداد.

**ڕۆژی جیێبەجێکردنەکە**

ئەو ڕۆژەی کە بڕیاری لە سەر درابوو بە سواری هەلیکۆپتەرێک بە هاوڕێیەتی تێکەڵەیەک لە کۆمەڵە ئەفسەرێکی ناو ئیستیخبارات و هێزی هەوایی بەرەو بنکەی سەربازی مووسڵی ئاسمانی بەڕێکەوتم. لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا عەلی ئەکبەر موحەممەدی بە سوودوەرگرتن لەو جفرە و ژمارە وناوەنهێنیانەی، کە پێیدرابوو، توانی پەیوەندیمان پێوە بکات. لە هەمان کاتیشدا ئەو فڕۆکەوانانەی خۆشمان، کە بە فڕۆکەکانیانەوە دانرابوون بۆ چاودێری و پێشوازیکردنی عەلی ئەکبەر موحەممەدی توانیان فڕۆکە فالکونەکە دەستنیشان بکەن، کە لە بەرزییەکی زۆر نزم دەفڕی، بەو شێوە عەلی ئەکبەر موحەممەدی توانی بە سەلامەتی بنیشێتەوە و لە گەڵ خۆیشیدا ژنبراکەی، کە تەمەنی نزیکەی 20 ساڵێک دەبوو، هێنابوو. بە خێرایی گوێزرانەوە بۆ فڕۆکەخانەی موسەننا(مثنى) لە بەغداد، کە کۆمەڵێک وێنەگر و پەیامنێری ڕۆژنامە و ئاژانسی دەنگوباس لە چاوەڕانیماندا بوون، توانرا بە باشی لەو وێنەیەش، کە کاتی خۆی عەلی ئەکبەر موحەممەدی لە گەڵ ڕەفسەنجانیدا گرتبووی، سوود وەربگێردرێ، بەوەی کە بڵێین ئەم(عەلی ئەکبەر موحەممەدی) فڕۆکەوانی تایبەتی ئەو(ڕەفسەنجانی)ە و ئەو فڕۆکەیەش، کە ئیستا لە فڕۆکەخانەی موسەننادایە، فڕۆکەکەی ڕەفسەنجانییە، کە لە ڕاستیدا وا نە بوو، تەنها ئەو وێنەیەی کە هەیبوو لە گەڵ ڕەفسەجانیدا، وەک پڕۆپاگەند و بەڵگە بە کارهێنرا تا بڕوایەک بدات بە چیرۆکەکە.

ئەو چالاکییە بۆ ئەو سەردەمە، کە نزیکەی 6 مانگێک گوزەرابوو بە سەر داگیرکردنی فاودا لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە، کە شوێنەوارێکی چەند خراپی لە سەر ورەی عێراق و ناوچەکە و جیهان بە جێهێشتبوو، زۆر پێویست بوو.

لە کۆتایی کارەکەدا لە بەغداد کۆبۆنەوەیەک کرا و بڕی 900000 دۆلار درا بە عەلی ئەکبەر موحەممەدی و 100000 دۆلاریش درا بە عەلی قازی و گۆرانیبێژەکە و واش نیاز بوو لەو 100000 دۆلارەش شتێک بدرێ بە خوسرەو جاف، بەڵام عەلی قازی، کە پێشتر وەها کارێکی نە کردبوو، بە بێ هیچ هۆیەک هەڵچوو و خۆی تۆڕە کرد، لە سەر کەمی بەشەکەی، کە لە ڕاستیدا ئەو ڕۆڵێکی هێندە گرنگی نەبوو لە کارەکەدا و بە بڕوای ئێمە ئەو چەردە پارەیەی کە بۆی دانرا بوو بەس بوو بۆ ئەو هەوڵ و کاتەی کە ئەو لەو کارەداا دابووی. بەڵکو ڕۆڵی سەرەکی هی گۆرانیبێژەکە بوو، کە بڕی 65000 دۆلاری پێ درا. هەوڵێکی زۆرمان لە تەک عەلی قازیدا دا، کە هێوری بکەینەوە و تێبگەیەنین، کە ئەو 35000 دۆلارە، گریشمان 5000 دۆلاری لێ بدا بە خوسرەو جاف، هێشتا بڕێکی باشی بۆ دەمێنێتەوە، لە پاڵ ئەمەشدا ئەو مانگانەی بەردەوامی خۆی لە سەفارەتی عێراق لە ئەڵمانیا هەبوو، کە چی هەوڵەکانمان بێهوودە بوون و نەیتوانی تێبگات و لە مێشکپووتی و بێبەختیشیدا، بە هۆی هەڵەی ئەفسەرێکەوە، ئاگاداری چمکێکی بچووکی ئیستیخباراتی بوو، کە دەشیا لەو سەردەمەدا مەترسی دروست بکات لە سەر ئاسایشی نیشتمانی، ئەگەر بهاتایە ئازادی هەبووایە لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەڵمانیا، یا دەیتوانی ئەو زانیارییەی، کە لایبوو بە کاری بهێنێ بۆ ئەزیەتدان و یاریکردن پێمان. بۆیە لە بەردەمماندا مەیدانێکی فراوانی نەبوو بۆ چارسەرگەڵێکی فرە.

هەر بۆیەش کۆمیتەیەک پێکهات بە سەرۆکایەتی عەمید ڕوکن عەبدڕەحیم عەبدولغەنی ئەسسووس(عبدالرحيم عبدالغني السوس) کە دواتر لە سەرەتای ساڵی 1990دا بە تۆمەتی پەیوەندیبوونی بە کۆمەڵەیەکی سیاسی دژەوە لە سێدارە درا، لە گەڵ عەمید تاریق ساڵح(طارق صالح) و عەقید ڕوکن ئەحمەد نایف، کە ئەمیش لە دواییدا لە یەکێک لە میرنشینەکان لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانێکی ئیستیخباراتیدا مرد. کۆمیتەکە ئەو ڕاسپاردەیەی سەرۆکایەتی کۆمارییان

کردبوو، کە عەلی قازی لە ناو بەرن یانی (لە سێدارە بدرێ)، بەڵام من لە گەڵ ئەو بڕیارەدا نەبووم، چونکە پێموانەبوو کە تاوانێکی وای کرد بێ کە شایستەی ئەو سزایە بێ و ئاگاداربوونەکەشی لە خاڵێکی وا هەستیار کە بەرپرسیاریەتی ئەو ئەفسەرە مێشکپووتە پەیوەندیدارە بوو، لە بەر ئەوەی لە هەمان کاتێشدا ئەماندەتوانی ئازادی بکەین بۆیە چەند پێشنیازێکمان کرد لەم بارەیەوە.

1. زیادکردنی بەشە پارەکەی کە دەمانزانی لە 100000 دۆلار کەمتر ڕازی نابێ.

2 . بە شێوەیەکی کاتی لە عێراقدا دەست بە سەربێت.

3 ڕێگەپێدانی کە بە ئازادی سەفەری خۆی بکات لە گەڵ ئەگەری ئەوەشدا کە لە وانەیە ئەو مەسەلەیە دژمان بە کار بهێنێ.

پاشان لە سەر خاڵی دووهەم ڕەزامەندێتی سەرۆکایەتی وەرگیرا، بەڵام بەو مەرجە، کە زۆر کارەکە بە نهێنی ئەنجام بدرێت، تا دووربین لە چاوی میدیا و سیاسەتەوە. بۆ ئەم کارەش عەمید ڕوکن عەبدڕەحیم عەبدولغەنی دانرا، تا کاروباری سەفەرەکەی بۆ هەڵسووڕێنێ و بە ڕێی بکەنەوە بۆ ئەڵمانیا، خوسرەو جافیش لە گەڵ عەمید ڕوکن عەبدڕەحیمدا بێ لە بە ڕێکردنەکەیدا. کە بە ڕێیان کردبوو لە فڕۆکەخانەی بەغداد، هەر هێندەی لە چاوی ئەمان ون دەبێ و دەربازی ناو فڕۆکەخانەکە دەبێ، کە بەرەو فڕۆکە کە بڕوات و سەرکەوێت، ئەمان فڕۆکە خانەکە بە جێدەهێلن و عەلی قازیش بەر لەوەی سواری فڕۆکەکە ببێت ڕێگای پێ ئەگرن و لە شوێنێک سەر بە ئیستخباراتی عەسکەری دەست بە سەری دەکەن.

ڕۆژی دوای سەفەرەکەی عەلی قازی پاش ئەوە سەردار جاف زانی کە ئەو نەگەیشتووەتە فڕۆکە خانەی بۆن، کەوتە سوراخکردنی و پاش چەند مانگێک بەو هەموو پەیوەندییە بەربڵاوەیەوە ئینجا ئاوبەری کرد و زانی لە کوێیە.

**بە خاکسپاردن لە نەجەف**

گۆرانیبێژەکە ڕێوشوێنی گەڕانەوەی بە جیا بۆ جێبەجێ کرا و پارەکەشی بوو بە 100000 دۆلار، وەک دەڵێن (نەهامەتی قەومێک دەبێتە سوودی لایەکی تر). عەلی ئەکبەر موحەممەدیش لە گەڵ ژن و منداڵەکەی و ئەو پارەیەی کە پێی درا سەفەریان کرد بۆ سویسرا، دواتر بە دەستی چەند کەسێکی نەناسراو لەوێ کوژرا و لە سەر داوای ژنەکەی لاشەکەیان هێنایەوە و لە نەجەف بە خاکیان سپارد.

عەلی قازی بە دەستبەسەری مایەوە، بەڵام لە ڕووی شوێن و خواردنەوە لە ڕەوشێکی مرۆڤانەی باشدا بوو و پاش ماوەیەک ڕێگەش بە چەند کەسێکی نزیکی خانەوادەکەی درا کە هەفتانە سەردانی بکەن. سەردار جافیش بە هەر چوار لادا پەلە قاژەی بەردانی بوو، لە عیزەت دووریەوە تا بەرزان تکریتی، کە ئەوکاتە لە جنێڤ بوو. بەرزان، بەردەوام نامەی دەنووسی و ڕای وابوو کە سەردار جاف وەک خەسڵەتی زۆربەی سەرۆک تیرەکانی دونیا پەیوەندی لە گەڵ زۆر لایەنەی سیخوڕی جیهانیدا هەیە، بەڵام ڕای وابوو گرنگ ئەوەیە ڕێگەی پێ نەدرێ بگاتە نێوەندە هەستیارەکانی دەوڵەت، کە لای بەرزان دەکرا لە هەموو شتێک چاو بپۆشرێ تەنها لە سەلامەتی سەددام و کەس و کارەی نەبێ.

2007–6–5